بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقـــايعی کــوردستان


ڕۆژنامـەی ڕەسمیی حکـومەتی هەرێمی کوردستـانە ، وەزارەتـی داد دەری دەکـات

ژمـارە ( ٧٣ ) سـاڵی حەوتـەم ٢٥ / ٩ /٢٠٠٧ زایـنـی ( ٣ )ی ڕەزبەر ٢٧٠٧ کـوردی ( ١٣ )ی ڕەمەزانی ١٤٢٨ کـۆچی


لەم ژمـارەیـەدا :

73


✵ یـاسـای ژمـارە( ١ ) ی سـاڵی ٢٠٠٧ ١

یاسای وەزارەتـی کشتوکـاڵ لـە هـەرێمی کـوردستان ـ عێراق.

✵ ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٥

دەستدانی کرێکاری بیانی لە هـەرێمی کـوردستـان ـ عێـراق .

✵ بەیـان ژمـارە ( ٥ )ی سـاڵـی ٢٠٠٧ وەزارەتـی داد ٩

گـواستنەوەی تێبینەرایـەتـی خـانـووبەرەی کـفری .

✵ بـڕیاری وەزارەتـی گـەشـت و گـوزار ١٠

دانانی هەردوو خانووی ژمارە (٢٦٧ و ٢٦٨ )ی بایزاغە لە کۆیە بە خـانـووی کـەلـەپوری .

✵ ڕێنمایی ژمارە( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٧ وەزارەتی بـازرگانی ١٨

ڕێکخـستنی کـاری ئـەو کۆمپانیانـەی کـە لـە فەرمانگـەی تۆمـارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد تۆمارکراون و لە هەرێمی کوردستانیش لق دەکەنەوە .



ناونیشـان : هـەولێر باڵەخـانەی وەزارەتی داد.

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:dad٤kurdistan.com

E-mail: waqaea@yahoo.com

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة أقليم كوردستان العراق – تصدرها وزارة العدل

العدد ( ٧٣ ) | السنة السابعة | ٢٥/٩/ ٢٠٠٧م | ( ٣ ) ڕەزبەر ٢٧٠٧ ك | ( ١٣ ) رمضان ١٤٢٨ هـ

## في هذا العدد :

✵ **قانون رقم (١) لسنة ٢٠٠٧** ١٣

قانون وزارة الزراعة لاقليم كوردستان ـ العراق .

✵ **تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٠٧ لوزارة العمل و الشؤون الاجتماعية** ١٧

ممارسة الاجانب العمل في اقليم كوردستان ـ العراق .

اربيل – بناية وزارة العدل.
☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:dad٤kurdistan.com
E-mail: waqaea@yahoo.com

به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆكايەتی هەرێم
سەرۆك

به ناوی گەلەوە
بڕیار
ژمارە (٣) ساڵی ٢٠٠٧

## یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆكايەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١)ی لە ٢٦/٣/٢٠٠٧ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی بەرامبەریانە:

**یەکەم: هەرێم** : هەرێمی کوردستان– عێراق .

**دووەم:وەزارەت** : وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ.

**چوارەم: بریکاری وەزارەت** : بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەت.

### – ئەرك و فرمانەکانی وەزارەت –

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

**یەکەم:** دانانی پلانی کشتوکاڵی وا کە گەشەسەندنی بەروبوومی کشتوکاڵی بە هەردوو لایەنی رووەکی و ئاژەڵی بەدیٚ بهێنیٚ .

**دووەم:** پێشکەش کردنی رێنمایی و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی وئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی کردەنی کشتوکاڵی وسەرپەرشتی پیادەکردنی یاسا بەکارهاتووەکان لەگەڵ بەدوا داچوون وجێبەجی کردنی ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندیدارن بە وەبەرهێنانی زەوی وزاری کشتوکاڵی و پاڵپشتی کردنیان بە نیازی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی لە هەرێمدا.

**سێیەم:** لێکۆڵینەوەی تایبەت بە پرۆژەکانی وەزارەت ئامادە دەکات ونەخشەیان بۆ دەکێشی وبەرنامە دادەنیٚ وکاردەکات لە پێناو جێبەجیٚ کردنیان یان بە جێبەجیٚ کردنی راستەو خۆ یان لەلایەن لایەنەکانی تر لە ناوهەرێم یادەرەوەی دا وبەدواداچوونی جێبەجیٚ کردنی سەرپەرشتیان دەکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم:** پشتگیریی كردن لە كەرتی تایبەتی وهاندانی وەبەرهێنانی پرۆژەكان و دامەزراندنی كارگە وتاقیگە و كارگەی تایبەت بە بەروبوومی كشتوكاڵی بە هەردوو لای ئاژەڵی و رووەكی.

**پێنجەم:** پشتگیریی كردنی بانكە كشتوكاڵییەكان لە هەرێمدا و دەرچوواندنی رێنمایی پێویست بۆ كار ئاسانكردنی وئەمەش بە هاوئاهەنگی كردن دەبێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی وئابووری لەهەرێمدا.

**شەشەم:** كاركردن لە پێناوی فەراهەمكردنی تۆوی چاككراو وپەینی كیمیایی وقڕكەرەكان و دابین كردنی داودەرمان وئامێری كشتوكاڵی وگرتنەبەری رێگای وا كە زیاد كردنی بەروبووم وچاككردنی دەستەبەر بكات.

**حەوتەم:** كاركردن لە پێناوی ژیاندنەوەی پرۆژەكانی سامانی ئاژەڵی وپاشكۆكانی و پەرەپێدانی لە هەرێمدا وكاركردن لە پێناوی فەراهەمكردنی دەرمان وپێكوتانەكانی بەیتەری وگرتنەبەری شێوازی زانستی بۆ چارەكردنی نەخۆشی درم (ساری)و پاراستنی ئاژەل لێیان.

**هەشتەم:** كاركردن و نەخشەكێشان بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەردو نەخۆشی كشتوكاڵی وگرتنە بەری هەموو رێگایەك بۆ پاراستن لەو نەخوشییانە وچارەكردنیان.

**نۆیەم:** گرنگی دان بە سامانی ماسی وبە خێوكردنی هەنگ.

**دەیەم:** گرنگی دان بە بەروبوومی كشتوكاڵی وكاركردن لە پێناوی رێكخستنی عەمباركردنی وناردنە بازاڕی.

**یازدەم:** گرنگی دان بە نەمامگەكان ولەوەڕگا ودارستانی سروشتی ودەست چێن وپاراستنیان،چونكە سامانی نیشتمانین،هەروەها پشتگیری كردنی پاوانی سروشتی.

**دوازدەم:** دەسنیشان كردنی سنووری دارستانەكان وجۆرو پۆلەكانیان بە پێی یاسایەكی تایبەت كە كاروباریان رێك بخات لەگەڵ رێكخستنی هەموو مەسەلەیەكی پەیوەندیی بەدارستانەوە هەبێ لە هەرێمدا.

**سێزدەم:** پێشنیاركردنی پرۆژەی یاسایی نوێ بۆ چارە سەركردنی كێشەی زەوی وزار بەجۆرێكی وا كە لەگەڵ واقیعی ئێستاو دوا رۆژی كوردستاندا بگونجێ.

**چواردەم:** گەشە پێكردنی داهاتی بەشەری لە بواری ڕاهێنانی كادیری جوتیاری وكشتوكاڵی لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەكانیان.

## -پێكهاتەكانی وەزارەت-

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێكهاتانەی خوارەوە پێكدێ:-

**یەكەم: وەزیر:** سەرۆكی باڵاو بەرپرسی كاروبارو ئاراستەكردنی سیاسەتی وەزارەتەكەیە وهەموو بڕیارو فەرمان و رێنماییەكیش كە پەیوەندییان بە ئەرك وفرمان وپێكهاتەو دەستەڵاتەكان وكاروباری دیكەی هونەری ودارایی و كارگێڕی رێكخستنی وەزارەتەوە هەیە لەوەوە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەردەچێ و بەرپرسە بەرامبەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەوناوەی كە ئەندامێكی هاوكارە لەو ئەنجومەنەو بۆی هەیە هەندێ لە دەستەڵاتەكانی بە بریكاری وەزارەت یا بە بەڕێوەبەرەگشتییەكان یاخود ئەوەی لە وەزارەت بەشیاوی دەزانێ بسپێرێت.

**دووەم: بریكاری وەزارەت:** یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاراستەكردنی كاروباری وەزارەت وسەرپەرشتی كردنی كارەكانی لە چوارچێوەی ئەو دەستەڵاتانەی كە وەزیر پێی دەسپێرێ، مەرجیشە خاوەن بڕوانامەی بەرایی پسپۆڕیی زانكۆ بێت وخاوەن شارەزایی كارامەییش بێت.

**سێیەم: نووسینگەی وەزیر:** فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەر بە مەرجێك خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆی بێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**چوارەم:نووسینگەی بریكاری وەزارەت:** فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت وچەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجەم: راوێژكاران:** ژمارەیان لە چوار كەس زیاتر نابێ ودەبێ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆبن و خاوەنی شارەزایی و كارامەیی بن.

**شەشەم:بەرێوەبەرایەتی گشتی كارگێڕیی و دارایی:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەرێوەی دەبات كە خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت وخاوەنی شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**حەوتەم:بەرێوەبەرایەتیی گشتی پلاندانان وبەدواداچوون:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەنی شارەزایی وكارامەییش بێت لە كارەكەیدا.

**هەشتەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزاری كشتوكاڵی:**بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**نۆیەم: بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕەزگەریی ودارستان ولەوەڕگاكان:**بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**دەیەم:بەرێوەبەرایەتی گشتی لێكۆڵینەوە ورابەریی كشتوكاڵی:**بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**یازدەم:بەرێوەبەرایەتی گشتی سامانی ئاژەڵی وبەیتەری:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**دوازدەم:بەرێوەبەرایەتی گشتی خزمەتگوزاریی كشتوكاڵی:** بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی وكارامەیی بێت لە كارەكەیدا.

**سێزدەم:بەرێوەبەرایەتیە گشتیەكان لە مەڵبەندی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستاندا:**هەریەك لەمانە بەرێوەبەرێكی گشتی سەرۆكایەتی دەكات وبەرێوەی دەبات كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت وخاوەن شارەزایی بێت تاكو سەرپەرشتی جێبەجێ كردنی پرۆژە كشتوكاڵیەكان لە پارێزگاكەی دا بكات و بەرێوەبەرایەتی و لقە كشتوكاڵی یەكان لە سنووری هەر پارێزگایەك لەو پارێزگایانە پێوەی دەبەسترێت.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم: ئەنجومەنی وەزارەت لەمانە پێك دێت:**

١- **وەزیـر:** سەرۆكە.

٢- **بریكاری وەزارەت:** ئەندامە و لەكاتی نەهاتنی وەزیر سەرۆكایەتی ئەنجومەنەكە دەكات.

٣ـ **راوێژكاران:** ئەندامن.

٤ـ **بەرێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەت:** ئەندامن

٥-**سەرۆكی كۆمەڵانی جوتیاران لەكوردستان** : ئەندامە

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە نوێنەری وەزارەتەكانی تریش كە پەیوەندیداربن یان شارەزای تر لە دەرەوەی وەزارەت لەكاتی پێویستدا بخاتە سەر ئەنجومەنەكە.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەكەم:** ئەرك و تایبەتمەندییەكانی وەزارەت بەپێڕەو دەسنیشان دەكرێن.

**دووەم:** وەزیر بۆی هەیە بەرێوەبەرایەتی یان لق یان بەش یان هۆبە یاخود یەكەی دیكە لە ناو پێكهاتەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێی پێویستی كار لەكاتی پێویستدا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

**ماددەی شەشەم:**

یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ وئاودێری ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٢و هەمواركراوەكانی هەڵدەوەشێتەوە.

www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم:**
وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**
کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی نۆیەم:**
پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**
ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێ و لـە رۆژنامـەی فـەرمی ( وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**مەسـعود بـارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان - عێـراق**

**هەولێر**
١٤/ نەورۆزی / ٢٧٠٧ی کوردی
٣/ نیسانی/٢٠٠٧ی زایینی
١٥/ ربیع الأول / ١٤٢٨ی کۆچی

**- هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە -**
بەمەبەستی پەرەپێدان و چاککردنی بەربوومی کشتوکاڵ و دۆزینەوەی چارەسەری ڕاست و دروست بۆ ئەو تەگەرانەی رێگرن لەبەردەم بەکارهێنانی توانای سروشتی و ماددەی و بەشەری لەکوردستان و لە پێناو ئامادەکردنی ئاوو هەوای لەبار بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی کەرتی کشتوکاڵی و بەدیهێنانی ئیکتیفای زاتی و ئاسایشی خۆراکی و هاندانی کۆچکردنی پێچەوانە(لەشارەوە بۆ لادێ) تاکو خەڵکی لە گوند و دێهاتی کوردستان بگەنە ژیانێکی باشتر و ئاوەدانکردنەوەی وڵات ولە پێناوی جێبەجێ کردنی ئەوانەی لەسەرەوەدا هاتوون ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەلآیەتی**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان**
**بەشی كار و باری یاسایی**
**ژمارە : ٢٠٧٥**
**ڕێكەوتی:١٩ / ٨ / ٢٠٠٧**

## ڕێنمایی ژمارە( ٢ ) بۆ ساڵی ٢٠٠٧
## دەستدانی كرێكاری بیانی لە هەرێمی كوردستان – عێراق

پشت بە بەندەكانی ماددەی (٢٣) لە یاسای كار ژمارە (٧١) ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری دەرچوونی ئەو ڕێنمایانەی خوارەوەمان دا :

**ماددەی یەكەم .**

**یەكەم : بیانی :** هەر كەسێك ڕەگەز نامەی عێراقی هەڵنەگرتبێت و بیەوێت كار بكات لە هەرێمی كوردستان بە پیشەی كرێكار لە كەرتەكانی تایبەت و تێكەڵاو و هەرەوەزی .
**دووەم : كار :** هەر كارێك ئەنجام بدرێت لە لایەن كەرتەكانی تایبەت و تێكەڵاو و هەرەوەزی .
**سێهەم : مۆڵەتی كار :** بەلگەنامەیەكی فەرمیە لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلآیەتی دەردەچێت بە پێی نموونەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕێنماییە .
**چوارەم : كۆمپانیای كرێكار هێنەر :** هەر كۆمپانیایەكی مۆڵەت پێدراو و تۆمار كراو بە شێوەیەكی فەرمی بە هێنانی كرێكاری بیانی لە دەرەوە بە پێ ی یاساو ڕێنمایی یەكانی چاودێری كراو .
**پێنجەم : كۆمپانیای كرێكاری بیانی كار پێ خەر :** هەر كۆمپانیایەكی مۆڵەت پێدراو و تۆمار كراو بە شێوەیەكی فەرمی بە بەكار خستنی كرێكاری بیانی بە پێ ی یاساو ڕێنمایی یەكانی چاودێری كراو .
**شەشەم : مۆڵەتی كۆمپانیا :** بڕوانامەیەكی فەرمیە لە وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەلآیەتی دەردەچێت ، بە و كۆمپانیایە دەدرێت كە مافی هێنانی كرێكاری بیانی هەیە.

**ماددەی دووەم :**

مۆڵەتی كار لە لایەن وەزیری كارو كاروباری كۆمەلآیەتی یان ئەو كەسەی سەرپشك دەكرێت لە لایەنیەوە دەبەخشرێت لە دوای فەراهەمبوونی ئەو مەرجانەی كە لەم ڕێنماییەوە هاتوون .

**ماددەی سێهەم .**

خاوەن كار لە كەرتەكانی تایبەت و تێكەڵاو هەرەوەزی بۆی نیە كرێكاری بیانی كار پێبكات ئەگەر مۆڵەتی كار وەرنەگرێت بە پێ ی مەرج و ڕێكارە دیاری كراو ەكانی ئەم ڕێنماییە .

**ماددەی چوارەم :**

كرێكاری بیانی بۆی نیە دەست بەكار بێت تاكو مۆڵەتی كار وەرنەگرێت .

**ماددەی پێنجەم :**

لەكاتی دەركردنی مۆڵەتی كار پێویستە ئەم خالآنەی خوارەوە ڕەچاو بكرێت :
**یەكەم :** چەندین پێویستی هەرێمی كوردستان بە دەستە كاری بیانی هەیە لە سەر ڕۆشنایی داخوازی بازاری كارو بە پێ ی پێویستەكانی پارێزگاكانی هەرێم لە پاش دڵنیابوون لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەكار خستن .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**دووەم :** پشتگیری فەرمانگەی ئاسایشی تایبەت تاوەکو ڕێگری ئاسایشی نەبێت بۆ بەکار خستنی کرێکاری بیانی .

**ماددەی شەشەم :**

ماوەی مۆڵەتی کار یەك ساڵە و نویّ دەکرێتەوە بە پیّ ی پێویستی لەگەڵ ڕەچاو کردنی ناوەرۆکی لە ڕێنمایی یەکە ، کرێکاری بیانی دەبێت لە ڕێگای خاوەن کار داوای نویّ کردنەوەی مۆڵەتەکەی بکات بەلایەنی کەم بەر لە مانگێك لە ڕێکەوتی بە سەراچوونی .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم:** لە سەر کەسی بیانی لە دەرەوەی هەرێم کە دەیەوێت کار بکات لە هەرێم پێویستە ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرێتە بەر بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کار کردن :

أ. داواکاریەکی نوسراو بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی پێشکەش بکات لە ڕێگەی نوێنەرایەتی عێراق لە دەرەوە یان بریکارە فەرمیەکەی لە عێراق یان بە ڕێگەی خاوەن کار کە دەیەوێت بە کاری بخات.

ب. پێویستە داواکاریەکە سەرجەم زانیاریەکان بگرێتە خۆ کە پەیوەندداررن بە شیاوی کرێکار ، پشت بە بڕوانامەو ئەو بەلگەنامەی کە هەیەتی لەگەڵ دیار کردنی ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەی کار لەگەڵ ناو نیشانی خاوەن کار .

ج. بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان هەڵدەستێت بە دڵنیابوون لە مەرجە یاسایی یەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندی کار کردن لە هەرێم لە دوایدا دواندنی لایەنی پەیوەندی دار بۆ بەخشینی کارتی فیزا بۆ کەسی بیانی ، کە هاتە ناو هەرێم دەبێت سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ناوبراو بکات لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە ڕۆژی هاتنە ناوەوەی هەرێم بۆ مەبەستی ناو نووس کردن و تەواو کردنی ڕێکاری مۆڵەت وەرگرتن .

**دووەم :** ئەو بیانیەی کە لە ناو هەرێمەو دەیەوێت کار بکات لە هەرێم دەبێت ڕەچاوی ئەم ڕێکارانە بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار :

أ. پێشکەش کردنی بەلگەنامەی یاسایی کە ئاماژە دەکات بە هاتنە ناوەوەو جیّ نشین بوونی لە هەرێم بە شێوەیەکی ئاسایی یاخود ڕەوا .

ب. داواکاریەکی نوسراو پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن لە پارێزگاکان بکات یان بە ڕێگەی ئەو خاوەن کار ەی کە دەیەویّ کاری پیّ بکات لە لای خۆی . .

ج. پێویستە داواکاریەکەی سەرجەم زانیاری پەیوەندیدارەکان بگرێتە خۆ ئەویش بە دڵنیابوون بە بڕوانامەو دۆکۆمنێت کە هەیەتی لەگەل دیار کردنی ناو و ڕەگەز و جۆر و ماوەی کارو ناونیشانی خاوەن کار .

**سیّ یەم :**

أ . ئەو کۆمپانیانەی کە ناویان تۆمار کراوە لە هەرێم و دەیانەوێت کرێکاری بیانی بهێنن و کاریان پێبکەن لە هەرێم ، دەبێت مۆڵەتی کار وەربگرن بە پیّ ی ئەو نموونەی کە فەرمانگەی کار و دەستەبەریی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردووە .

ب. ئەم کۆمپانیانەی کە دەیانەویّ کرێکاری بیانی بەکاربخەن ئەم ڕێکارانەی خوارەوە بگرتە بەر :

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

١. داواكاری دەست نووسی بە بەڕێوەبەرایەتی بەكار خستن لە پارێزگاكان پێشكەش بكات كە تیایدا زانیاریەكی تەواو لەسەر شیاوی كرێكارە بیانیەكان دیار بكەن كە دەیانەوێ بۆ ناو هەرێم بیانهێنن .

٢. لە كاتی ڕەزامەند بوونی بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەكار خستن لە پارێزگاكان ، نوسراوێكیان پێدەدرێت بۆ فەرمانگەی نشینگە بۆ پێدانی كارتی فیزای هاتنەناوەوەی هەرێم .

ج. لەسەر ئەو كۆمپانیانەی كە نیازی هێنانی كرێكاری بیانیان هەیە بۆ ناو هەرێم پێویستە ڕێكەوتنامەی بەكار خستن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەكانی مەبەست پێشكەش بكەن .

د. كۆمپانیا مۆڵەت دارەكان لێپسراون بە دەستەبەر كردنی كرێكارە بیانیەكان لە كاتی هاتنە ناوەوەی خاكی هەرێم ، تا بە جێ هێشتنی خاكی كوردستان بە یەكجاری .

ه. لە سەر ئەو لایەنەی كە كرێكاری بیانی بەكار دەهێنێت ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەكار خستن لە پارێزگاكان بكەن بە پێ ی ماددەی ( ٢٣ ) لە یاسای كار ی ژمارە( ٧١ )ی ساڵی ١٩٨٧ ، داواكاری تایبەت پێشكەش بكەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی كار بە پێ ی ئەو ڕێكارانەی هاتووە لە ڕێنمایی یەكان .

**ماددەی هەشتەم :**

**یەكەم :** ئەگەر لە گرێ بەستی كاری بیانی دیار نەكرابێت ، لەسەر خاوەن كۆمپانیا یان خاوەن كار پێویستە كارتی سەفەر بۆ كرێكاری بیانی بدات لە سەر خەرجی خۆی بۆ ئەو وولاتەی كە كرێكارە بیانی یەكەی هێناوە بە مەرجێك لە كارەكەی دانەبڕابێت پێش كۆتایی هێنانی گرێ بەستەكە بە هۆیەكی نا یاسایی .

**دووەم :** لە كاتی مردنی كرێكاری بیانی كۆمپانیا یان خاوەن كار گواستنەوەی لاشەی كرێكاری بیانی دەخرێتە ئەستۆی بۆ شوێنی نیشتەجێ ی خۆی لە كاتی داوا كردنی كەس و كاریان ، ئەگەر نەكرا سەندیكای كرێكاران بە هەمان مەبەستی ئەنجامدانی كاری سەرەوە هەڵئەستێ لەسەر خەرجی كۆمپانیا یان خاوەن كار ، هەموو خەرجیەكانی بۆ دەگەڕێتەوە بە ڕێگاكانی ئاسایی .

**ماددەی نۆیەم :**

كرێكاری بیانی پێویستە ئەمانەی خوارەوە جێ بەجێ بكات :

**یەكەم :** واز لە كارەكەی بهێنێت لە كاتی بە سەر چوونی ماوەی مۆڵەتەكە ئەگەر نوێ ی نەكرایەوە .

**دووەم :** مۆلەتەكەی بە خاوەن كار بدات لە كاتی كۆتایی هاتنی گرێبەستی كار بە هەر هۆیەكی یاسایی .

**سێیەم :** بەڵێنامەیەك پێشكەش بكات بە ڕاهێنانی سەرجەم كرێكارانی پرۆژە لە سەر ئەو كارەی كە دەیكات لە ماوەی مۆڵەتەكەی .

**ماددەی دەیەم .**

لە سەر خاوەن كار پێویستە ئەمانەی خوارەوە بكات : :

**یەكەم :** ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیەكانی بەكار خستن لە پارێزگاكان بكات لە كاتی جێهێشتنی خزمەتی كرێكاری بیانی لە كارەكەی یان كۆتایی مۆڵەتەكەی یان جێ هێشتنی هەرێم ، پێویستە مۆڵەتەكەی بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنی سەرەوە .

**دووەم :** ئامادە كردنی تۆمارێك بۆ تۆمار كردنی زانیاری پێویست لەسەر كرێكارانی بیانی .

ئــــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**سێیەم :** کرێکاری خۆماڵی تەرخان بکات وەکو یاریدەدەری کرێکارانی بیانی تەکنیکار لە پرۆژەکە توانایان بگونجێ لە گەڵ توانای کرێکاری بیانی بۆ ڕاهێنان تاوەکو شارەزایی پێویست وەربگرن لە ماوەی مۆڵەتی کاری بیانیەکە .

**ماددەی یانزەهەم :**

**یەکەم :**مۆڵەتی کار هەڵدەوەشێتەوە لە هەر کاتێك لەم بارانەی خوارەوە : :

أ . ئەگەر ئەو زانیاری و بەلگەنامانەی کە تیایدا داوای مۆڵەتی کاری کردبوو دروست نەبوون .

ب. ئەگەر بوونی کرێکاری بیانی زیانی هەبوو بۆ بەرژەوەندی گشتی.

ج. ئەگەر خاوەن کار هەڵسا بە کۆتایی هێنانی گرێبەستی کاری کرێکاری خۆمالی بە پێچەوانەی یاسا و بەکار خستنی کرێکاری بیانی لە شوێنی ئەو کە هەمان تواناو مەرجی کاری کرێکاری بیانی هەیە .

**دووەم** . هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت ڕێگر نیە لە بەر دەم ڕەوانە کردنی کرێکاری بیانی یان خاوەن کار بۆ دادگا لە لای سەرپێچی کردنی هەر بڕگەیەك (أ ، ب) ئاماژە پێکراو لە سەرەوە لە لایانیانەوە .

**ماددەی دوانزەهەم :**

هەر کەسێك سەرپێچی بەندەکانی ماددەی ٢٣ لە یاسا ئەو ڕێنمایی یانەی کە جێگای گرتۆتەوە بکات سزا دەدرێ بە پێ ی بەندەکانی ماددەی (٢٤) دووەم لە یاسای کار.

**ماددەی سیانزەهەم :**

ئەمانەی خوارەوە بە دەرن لە بەندەکانی ڕێنمایی یەکە :

**یەکەم** : ئەو کرێکارانەی کە کار دەکەن لە لایەن دەستەی نیو دەوڵەتی و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و قونسلگەری بازرگانی و بیانی باوەر پێکراو لە هەرێم .

**دووەم** : ئەو بیانیانەی کە یاسا و ڕێکەوتنامەو پەیماننامە نێو دەوڵەتی یەکان کە حکومەت تیایدا لایەنە بە دەست دانە کار لە هەرێم .

**سێیەم** : ئەو بیانانەی کە کار دەکەن لە لایەن حکومەت .

**ماددەی چواردەهەم :**

ڕێنمایی یەکانی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٧ کاری پێ ناکرێت .

**ماددەی پانزەهەم :**

ئەو ڕێنمایی یانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بلاْوکردنەوی لە وەقایعی کوردستان .

**عدنان محمد قادر**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەلاْیەتی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراق**
**وەزارەتی داد**
**بەرێوەبەرایەتی دادی گشتی**
**بەرێوەبەرایەتی پەیوەندییەكان**

**ژمارە / ١٢١٦/٦**
**رێكەوت / ٢٠٠٧/٨/١٣**

## بەیان

لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاڵپشت بە مادده (٣٦)ی یاسای ژمارە (٤٣ی ساڵی ١٩٧١)ی هەمواركراوی تۆمارگای خانووبەرە بڕیارماندا **بە گواستنەوەی تێبینەرایەتی تۆمارگای خانوبەرەی كفری بۆ سەر بەرێوەبەرایەتی تۆمارگای خانوبەرەی چەمچەماڵ بۆ ئاگاداریتان ئەنجام دانی كاری پێویست** .. لەگەڵ رێزدا.

**فاروق جمیل صادق**
**وەزیری داد**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێـراق**
**وەزارەتی گەشت و گوزار**
**بەڕێوەبەرایەتی یاسا و موڵکایەتی و وەبەرهێنـــان**

**ژمارە / ٢٥٨١**
**رێکەوت / ٢٠٠٧/٩/٥**

**بــڕیــاری وەزاری**

پاڵپشت بە ماددەی (٢) لە یاسای شوێنەوار ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٣٦ وە بە پێی ئەو دەسـەلآتەی پێمـان دراوە بڕیارماندا:

**بە دانانی هەردوو خانوو ژمارە (٢٦٧و٢٦٨) بایزاغا لە کۆیە کە دەگەرێتەوە بۆ هاولآتیان (حاج ملا عبدالمجید امین ، کمال مجید امین) بە رووبەری (٢٣٩م٢) و (٤٦٠م٢) بە خانووی کەلەپووری کە پارێزگاری لە شێواز و ئەندازەیی مۆری مێژووی خۆی کردووە لە رۆژی بلآوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان)**

**نمـرود بیتو یوخنـــا**
**وەزیـــری گەشـت و گــوزار**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**هەرێمی کوردســتان**
**سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیــران**
**وەزارەتی بـازرگانی**
**بەڕێوبەرایەتی گشتی دیــوان**
**ژمارە ٦/ ١٤٣٠**
**رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٨**

## رێــــنمایــــی ژمـــارە (١) ســـــاڵی ٢٠٠٧

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە و پشت بە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو بە بریاری ژمارە (٦٤) ی ساڵی ٢٠٠٤ ، وە نـظامی ژمارە (٢) ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٤/٨/٢ بە مەبەستی رێکخستنەوەی کاری ئەو کۆمپانیایانەی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد تۆمار کراون وە لق لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە بریارماندا بە دەرکردنی ئەم رێنمایاننەی خوارەوە :

**رینمایی یەکان :**

١) پێویستە پشتگیری فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە بەغداد بێنن لەگەڵ پەسـەندکردنی سـەرجەم سەرەتاکانیان .

٢) پێویستە پشتگیری لە لێژنەی پۆلێن لە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنن.

٣) پێویستە پشتگیری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بهێنن.

٤) پێویستە پشتگیری لایەنی پەیوەندیدارەکان بهێنن.

٥) شوێنی نوسینگەی لقی کۆمپانیاکان نابێت ببێت بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان .

٦) دیاری کردنی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆن و ئیمێل .

٧) پێشکەش کردنی گرێبەستی خانوو ، پەسەند کرابێ لەلایەن باجی خانووبەرە و دادنووسی (کاتب العـدل) ئەو پارێزگایە.

٨) هەموو شەش مانگ جارێك سەردانی بەڕێوبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکەن بە مەبەسـتی کەشـف کردنی بارەگاکانیان.

٩) پێـشکەشکردنی هەرگرێبەسـتێك کـە کۆمپانیـا ئـەنجامی دەدات لەگـەڵ یـەکێك لـە دەزگاکـانی سـەر بـە حکومەتی هەرێم.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

١٠) ئاگادار كردنی تۆماركاری كۆمپانیاكان بە نووسراوی رەسمی پەسەندكراو لە هەر گۆرانكاریەك  روودەدات سەبارەت بە شوێنی نووسینگەی سەرەكی كۆمپانیاكە.

١١) ئاگاداركردنەوەی بەڕێوبەرایەتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان لەكاتی گۆرینی بەڕێوبەری لقی كۆمپانیاكە ، وە هێنانی پشتگیری لە فەرمانگەی تۆماركردنی كۆمپانیاكان لە بەغداد بۆ ئەو مەبەستە و پەسەندكرابێت.

١٢) پێویستە هەموو كارمەندەكان (CV) خۆیان پێشكەش بە بەڕێوبەرایەتی تۆماركردنی كۆمپانیاكان بكەن.

١٣) پێشكەش كردنی ئەژمێرەكانی كۆتایی (حسابات ختامی ) لقی كۆمپانیا لە هەولێر وسلێمانی و دهۆك دەكرێتەوە لەگەڵ ئەژمێرەكانی كۆتایی ( حسابات ختامی ) كۆمپانیای سەرەكی واتا (جیاكردنەوەی حساباتی ختامی لق) وەپەسەند كرابێت بەپێ ی یاسا لە لایەن ژمێریاری یاسایی یەوە پێش ٨/٣١ هەموو ساڵێك .

١٤) لەكاتی بەسەرچوونی ساڵێك بەسەردامەزراندنی لق و وەبەبێ ئەنجام دان هیچ كارو پرۆژەیەك لقی كۆمپانیاكە دادەخرێت .

١٥) پێشكەش كردنی گرێبەستی پارێزەر و پشتگیری سەندیكای پارێزەران.

١٦) پێشكەش كردنی گرێبەستی ژمێریار و پشتگیری سەندیكای ژمێریاران ، لەگەڵ دامەزراندنی ووردبینی ژمێریاری ( مدقق حسابات) .

١٧) هیچ لقێك بۆی نیە هەستێ بە ئەنجام دانی كارێك كە پەیوەندی و تایبەت مەندی (اختصاص ) كۆمپانیاكە نەبێت .

١٨) جێ بەجێ نە كردنی هەرخاڵێك لەم (١٧) حەڤدە خاڵەی سەرەوە دەبێتە هۆی داخستنی لقەكە.

**محمد رؤوف محمد**
**وەزیری بازرگانی**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم اللّه الرحمن الرحيم

**إقليم كوردستان – العراق**
**رئاسة الأقليم**
**الرئيس**

**باسم الشعب**
**قرار**
**رقم (٣) لسنة ٢٠٠٧**

**قانون وزارة الزراعة لاقليم كوردستان ـ العراق**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناءاً على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة (١) والمنعقدة في ٢٦ /٣ /٢٠٠٧ قررنا إصدار:

**قانون رقم ( ١ ) لسنة ٢٠٠٧**
**قانون وزارة الزراعة لاقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة الاولى:** يقصد بالمصطلحات الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

**أولاً: الاقليم** : اقليم كوردستان ـ العراق.

**ثانياً- الوزارة** : وزارة الزراعة لاقليم كوردستان.

**ثالثاً- الوزير** : وزير الزراعة.

**رابعاً- وكيل الوزارة:** وكيل وزارة الزراعة.

**خامساً- المجلس** : المجلس الاستشاري للوزارة.

**( مهام الوزارة )**

**المادة الثانية:** تتولى الوزارة المهام التالية:

**أولاً-** وضع الخطط الزراعية بما يحقق تنمية الانتاج الزراعي بشقيها النباتي والحيواني.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً**- تقديم الخدمات الارشادية وتوفير مستلزمات الانتاج الزراعي واجراء البحوث والدراسات الزراعية التطبيقية والاشراف على تطبيق القوانين السارية ومتابعة تنفيذ النشاطات المتعلقة باستثمار الاراضي الزراعية ودعمها باهداف الانتاج الزراعي في الاقليم.

**ثالثاً**- القيام بالدراسات الخاصة بالمشاريع العائدة لها ووضع التصاميم واعداد المناهج والعمل على تنفيذها اما تنفيذاً مباشراً او من قبل الجهات الاخرى داخل الاقليم وخارجه ومتابعة تنفيذها والاشراف عليها.

**رابعاً**- القيام بدعم القطاع الخاص وتشجيع الاستثمار في تنفيذ المشاريع وانشاء المصانع والمختبرات والمعامل الخاصة بالانتاج الزراعي بشقيها الحيواني والنباتي.

**خامساً**- دعم وتطوير المصارف الزراعية في الاقليم واصدار التعليمات اللازمة لتسهيل عملها بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم.

**سادساً**- العمل على توفير البذور المحسنة والاسمدة الكيمياوية والمبيدات وتامين الادوية والاجهزة الزراعية والاليات واتباع السبل الكفيلة بزيادة الانتاج وتحسينه.

**سابعاً**- العمل على احياء مشاريع الثروة الحيوانية وملحقاتها وتطويرها في الاقليم والعمل على توفير الادوية واللقاحات البيطرية واتباع الاساليب العلمية لمعالجة الامراض السارية والوقائية .

**ثامناً**- العمل والتخطيط لمواجهة الافات الزراعية وتوفير السبل الكفيلة للوقاية منها ومعالجتها .

**تاسعاً**- الاهتمام بالثروة السمكية وتربية النحل.

**عاشراً**- الاهتمام بالانتاج الزراعي والعمل على تنظيم عملية الخزن والتسويق.

**حادي عشر**- الاهتمام بالمشاتل والمراعي والغابات الطبيعية والاصطناعية وحمايتها لكونها ثروة وطنية ودعم المحميات الطبيعية.

**ثاني عشر**- تحديد حدود الغابات واصنافها بموجب تشريع خاص يتناول تنظيم كافة الامور والمسائل المتعلقة بالغابات في الاقليم .

**ثالث عشر**- اقتراح مشاريع قوانين جديدة لمعالجة مشاكل الاراضي تتلائم وواقع ومستقبل كوردستان.

**رابع عشر**- تنمية الموارد البشرية في مجال التدريب للكوادر الفلاحية والزراعية بمستوياتها المختلفة.

## ( تشكيلات الوزارة )

**المادة الثالثة :**

تتألف الوزارة من التشكيلات التالية:ـ

**أولاً:الوزير:** هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والإشراف والرقابة عليها وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ما له علاقة بمهام الوزارة وتشكيلاتها وصلاحياتها وسائرشؤونها الفنية والمالية والادارية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء باعتباره عضواً متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته الى وكيل الوزارة او المدراء العامين او من يراه مناسباً في الوزارة.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً: وكيل الوزارة:** يساعد الوزير في توجيه الوزارة والاشراف على شؤونها ضمن الصلاحيات التي توكل اليه من قبل الوزير على ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة والممارسة .

**ثالثاً: مكتب الوزير:** يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

**رابعاً: مكتب وكيل الوزارة:** يرأسه ويديره موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية ويعاونه عدد من الموظفين.

**خامساً: المستشارون:** لا يزيد عددهم عن اربعة وان يكونوا من حملة شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة و الممارسة.

**سادساً: المديرية العامة للشؤون الادارية والمالية:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**سابعاً: المديرية العامة للتخطيط والمتابعة:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**ثامناً: المديرية العامة للاراضي الزراعية:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**تاسعاً: المديرية العامة للبستنةوالغابات والمراعي:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**عاشراً:المديرية العامة للبحوث والارشاد الزراعي:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**حادي عشر:المديرية العامة للثروة الحيوانية والبيطرة:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**ثاني عشر:المديرية العامة للخدمات الزراعية:** يرأسها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والممارسة.

**ثالث عشر:المديريات العامة للزراعة في مراكز محافظات اقليم كوردستان:** يرأس كل منها ويديرها مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية اختصاصية ومن ذوي الخبرة لتولي الاشراف على تنفيذ المشاريع الزراعية في المحافظة وترتبط بها مديريات وفروع الزراعة في حدود كل محافظة من تلك المحافظات.

**المادة الرابعة:**

**أولاً:** يشكل مجلس الوزارة من:ـ

| | |
|---|---|
| **١- الوزير ـ** | **رئيساً.** |
| **٢- وكيل الوزير ـ** | **عضواً ويرأس المجلس في حالة غياب الوزير.** |
| **٣- المستشارون في الوزارة ـ** | **اعضاء.** |
| **٤- المدراء العامين في الوزارة ـ** | **اعضاء.** |
| **٥- رئيس الجمعيات الفلاحية في كوردستان** | **عضواً** |

ئـــەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**ثانياً:** للوزير اضافة ممثلين عن الوزارات الاخرى ذات العلاقة أو خبراء من خارج الوزارة عند الضرورة.

**المادة الخامسة:**

**أولاً:** يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

**ثانياً:** للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الفروع او الاقسام او الشعب او الوحدات ضمن تشكيلات الوزارة وفق متطلبات عملها عند الاقتضاء.

**المادة السادسة:**

يلغى قانون وزارة الزراعة و الري رقم (١٠ ) لسنة ١٩٩٢ وتعديلاته.

**المادة السابعة:**

لوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**المادة التاسعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود البارزاني**
**رئيس اقليم كوردستان ـ العراق**

هەولێر
١٤ / نەورۆز / ٢٧٠٧ كوردية
٣ / نيسان / ٢٠٠٧ ميلادية
١٥ / ربيع الأول / ١٤٢٨ هجرية

**الأسباب الموجبة**

لغرض تطوير وتحسين الانتاج الزراعي وايجاد الحلول السليمة للمعوقات الموجودة لتحقيق الاستخدام الامثل للامكانيات الطبيعية والمادية والبشرية في كوردستان لغرض تهيئة الاجواء الملائمة لاعادة بناء البنية التحتية في القطاع الزراعي وتحقيق الاكتفاء الذاتي والامن الغذائي وتشجيع الهجرة المعاكسة (من المدينة الى الريف) بغية الوصول الى حياة افضل في قرى وارياف كوردستان واحيائها ولاجل تنفيذ ما ورد اعلاه تم تشريع هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**وزارة العمل و الشؤون الاجتماعية**
**مديرية العامة للديوان**
**قسم الشؤون القانونية**
**رقم :٢٠٧٥**
**المصادف :١٩ / ٨ / ٢٠٠٧**

## تعليمات (٢) لسنة ٢٠٠٧
## ممارسة الاجانب العمل في اقليم كوردستان- العراق

استنادالاحكام المادة (٢٣) من قانون العمل رقم(٧١)لسنة ١٩٨٧ قررنا اصدار التعليمات الاتية:

**المادة ألاولى :**

اولا- **الاجنبي** : كل شخص لايحمل الجنسية العراقية ويرغب العمل فى أقليم كوردستان –العراق بصفة عامل فى القطاع الخاص والمختلط والتعاوني .

**ثانيا- العمل** : كل عمل يمارس من قبل القطاع الخاص والمختلط والتعاوني .

**ثالثا- اجازة العمل** : وثيقة رسمية تصدر عن وزارة العمل والشؤون ألاجتماعية وفق نموذج معد لهذا الغرض و تمنح العامل حق ممارسة العمل في الاقليم.

**رابعا- الشركة المستقدمة** : كل شركة مسجلة رسميا و مجازة باستقدام العمالة الاجنبية من الخارج وفقا للقوانين المرعية .

**خامسا – الشركة المستخدمة للعمال الاجانب** : كل شركة مجازة و مسجلة رسميا تستخدم العمالة الاجنبية وفقا للقوانين والتعليمات المرعية .

**سادسا – اجازة الشركة** : وثيقة رسمية تصدر عن وزارة العمل والشؤون الاجتماعية وتمنح للشركة المستقدمة حق استقدام العمالة الاجنبية .

**المادة الثانية:**

تمنح اجازة العمل من قبل وزير العمل والشؤون ألاجتماعية أو من يخوله بعد توفر الشروط الواردة في هذه التعليمات .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**المادة الثالثة :**

www.mojkurdistan.com

لايجوز لصاحب العمل فى القطاع الخاص والمختلط والتعاونى تشغيل أي أجنبى مالم يكن قد حصل على اجازة العمل وفقا للشروط و الاجراءات المحددة بهذه التعليمات .

**المادة الرابعة :**

يحظر على العامل الاجنبي الالتحاق بالعمل قبل حصوله على اجازة العمل .

**المادة الخامسة :**

يجب مراعاة مايلي عند اصدار اجازة العمل :

**اولا**- مدى حاجة الاقليم الى الايدى العاملة الاجنبية على ضوء ما يتطلبه سوق العمل وحسب متطلبات كل محافظة بعد التثبت من ذلك من قبل مديريات التشغيل .

**ثانيا** - تأ ييد الدوائر الامنية المختصة عدم وجود مانع أمني من اشتغال الشخص الاجنبى في الاقليم .

**المادة السادسة :**

مدة الاجازة سنة واحدة وتجدد وفق متطلبات الحاجة مع مراعاة ما ورد بهذه التعليمات·وعلى الشخص الاجنبي ، ان يطلب تجديد ها عن طريق صاحب العمل قبل شهر على الاقل من تاريخ انتهاء نفاذها .

**المادة السابعة:**

**اولاً** : على الشخص الاجنبي الموجود خارج الاقليم والذى يريد مزاولة العمل فى الاقليم اتباع الاجراءات التالية لغرض الحصول على اجازة العمل:

**أ**- ان يتقدم بطلب تحريري الى وزارة العمل والشؤون الاجتماعية عن طريق الممثليات العراقية فى الخارج او وكيله الرسمي فى العراق او بواسطة صاحب العمل الذى يروم تشغيله نيابة عنه .

**ب**- يجب أن يتضمن الطلب جميع المعلومات التى تتعلق بمؤهلاته موثقا بالشهادات والمستندات المتوفرة لديه مع بيان اسمه وجنسيته ونوع العمل ومدته واسم صاحب العمل وعنوانه الكامل.

ج- تقوم مديريات التشغيل في المحافظات بالتثبت من الشروط القانونية وحصول الموافقة للعمل في الاقليم ومن ثم تفاتح السلطات المختصة لمنح سمه الدخول للشخص الاجنبى ، وعلى هذا ألاخير عند دخوله الاقليم مراجعة المديريات المذكورة خلال مدة سبعة ايام من تاريخ دخوله ألاقليم لغرض التأشير و استكمال أجراءات منح الاجازة.

**ثانيا** : على الشخص الاجنبي الموجود داخل الاقليم و الذي يريد مزاولة العمل فى الاقليم ، اتباع الاجراءات التالية لغرض الحصول على أجازة العمل :-

أ- تقديم المستمسكات القانونية التى تثبت كون دخوله الاقليم و اقامته فيه بصورة مشروعة .

ب- أن يتقدم بطلب تحريري الى مديريات التشغيل في المحافظات. أو بواسطة صاحب العمل الذي يروم تشغيله.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

ج– يجب أن يتضمن الطلب جميع المعلومات التى تتعلق بمؤهلاته موثقا بالشهادة و المستندات المتوفرة لديه مع بيان اسمه و جنسيته ونوع العمل و مدته و اسم صاحب العمل و عنوانه الكامل.

**ثالثاً :**

أ.على الشركات المسجلة في الاقليم والتي تروم استقدام الايدي العاملة الاجنبية و تشغيلها في الاقليم الحصول على اجازة الشركة وفق النموذج الذي تعده دائرة العمل والضمان الاجتماعي للعمال .

ب. على الشركات التي تقوم بتشغيل الايدي العاملة الاجنبية اتباع الاجراءات التالية :

١. ان يتقدم بطلب تحريري الى مديريات التشغيل في المحافظات مرفقا بقائمة تتضمن المعلومات الكاملة عن العمال الاجانب ومؤهلاتهم للذين يروم استقدامهم الى الاقليم .

٢. عند موافقة مديريات التشغيل في المحافظات على الطلب المقدم توجه كتابا الى دائرة الاقامة لمنحهم سمة الدخول للاقليم .

ج. على الشركات التي تروم استقدام العمال الاجانب تقديم نسخة من اتفاقية التشغيل بين الاطراف المعنية .

د . تكون الشركات المجازة والمسجلة مسؤولة وضامنة عن العمال المستقدمين عند دخولهم اراضي الاقليم ولحين مغادرتهم اياه بشكل نهائي .

هـ . على الجهة التي تقوم بتشغيل العمال الاجانب اخبار مديريات التشغيل في المحافظات وفقا للمادة ٢٣ من قانون العمل رقم( ٧١ ) لسنة ١٩٨٧ و تقديم الطلبات الخاصة للحصول على اجازة العمل لهم وفق الاجراءات المتبعة بهذه التعليمات.

**المادة الثامنة :**

**اولاً :** ما لم يرد في عقد العمل الاجنبي صراحة ، على الشركة او صاحب العمل اعطاء الاجنبي الذي اتى به الى الاقليم على نفقته تذكرة سفر الى البلد الذي استقدم منه ما لم يكن قد انقطع عن العمل قبل انتهاء مدة العقد لسبب غير مشروع .

**ثانياً :** في حالة وفاة العامل الاجنبي تتحمل الشركة او صاحب العمل تجهيز ونقل جثمان العامل المتوفى الى موطنه الاصلي او محل اقامته اذا طلب ذووه ذلك ، واذا لم يكن بذلك بحسب الاحوال قامت النقابة بذلك على نفقة الشركة او صاحب العمل وتسترد ما تنفقه لهذا الغرض بالطرق الاصولية .

**المادة التاسعة :**

يتوجب على العامل الاجنبي ما يأتي:

**أولا :** التخلي عن العمل عند أنتهاء مدة نفاذ الاجازة ما لم تجدد.

**ثانيا:** ان يسلم الاجازة الى صاحب العمل عند انتهاء عقد العمل لاي سبب قانوني .

**ثالثا:** ان يقدم تعهدا خطيا بتدريب عدد كاف من عمال المشروع على العمل الذي يمارسه خلال مدة الاجازة .

**المادة العاشرة:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان

يتوجب على صاحب العمل ما يأتي:

www.mojkurdistan.com

**أولاً** : اخبار مديريات التشغيل في المحافظات عند ترك العامل الاجنبي العمل أو عند انتهاء خدمته وأنتهاء مدة أجازته أو مغادرته للاقليم ، وعليه اعادة اجازة العمل الى الجهات اعلاه.

**ثانياً**: ان يمسك سجلا تدون فيه المعلومات اللازمة عن العمال الاجانب.

**ثالثاً** : ان يخصص عمالا محليين مساعدين للعمال الاجانب الفنيين من العاملين في المشروع تتناسب مؤهلاتهم مع مؤهلات العمال الاجانب للتدريب على عملهم خلال مدة الاجازة.

**المادة الحادية عشرة :**

**أولا** : تلغى اجازة العمل فى اي وقت كان فى ألاحوال الاتية :

**أ**– أذا ثبت أن المعلومات والمستندات عن طلب الاجازة غير صحيحة .

ب– أذا أصبح وجود العامل ألاجنبي مضرا بالمصلحة العامة.

ج– أذا أنهى صاحب العمل عقد عمل عامل محلي بصورة مخالفة للقانون و شغل محله عاملاً أجنبيا و كان الاول يتمتع بنفس كفاءة و شروط العمل التى يتمتع بها الثاني .

**ثانيا** : لايمنع الغاء الاجازة من احالة العامل ألاجنبي أو صاحب العمل الى المحاكم عند ثبوت مخالفتهما لاحدى الفقرتين ( أ،ب) أعلاه ..

**المادةالثانية عشرة:**

يعاقب بموجب احكام المادة ٢٤(ثانيا) من قانون العمل النافذ كل من يخالف احكام المادة ٢٣ من القانون و هذه التعليمات او ما يحل محلها .

**المادةالثالثة عشرة:**

يستثنى من احكام هذه التعليمات :

**أولاً**: العاملون لدى الهيئات الدولية و البعثات الدبلوماسية و القنصليات التجارية و الاجنبية المعتمدة في الاقليم

**ثانياً** : الاجانب الذين تسمح لهم القوانين و الاتفاقيات و المعاهدات الدولية التى تكون الحكومة طرفا فيها بممارسة الاعمال فى الاقليم ·

**ثالثاً** : الاجانب المشتغلون لدى الحكومة .

**المادة الرابعة عشرة:**

يوقف العمل بالتعليمات الصادرة بعدد (١) لسنة ٢٠٠٧

**المادة الخامسة عشرة:**

تنفذ هذه التعليمات من تأريخ نشرها فى وقــائـع كـوردستان .

ئـــــەرشيفى ڕۆژنامەی وەقايعى كـــــــوردستان

**عدنــان محمـد قـادر**

www.mojkurdistan.com

وزيـر العمـل و الشـؤون الاجتماعيـة

ئـــــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كــــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com